شاسوار عەبدولواحید: لەگەڵ یەکێتی لێکتگەیشتنمان هەیە



شاسوار عەبدولواحید دەڵێت، لەگەڵ یەکێتی لێکتگەیشتنیان هەیە و تا ئێستا ڕێککەوتنی نوسراویان نییە، وتیشی لێکتگەشتنێکە بە هاوسەنگکردنی هێز و لە بڕژەوەندی هەموولایەکە، باسی لەوەشکرد، دەیانەوێت لە هەرەمی کوردستان یاسای بودجە هەبێت و داهات دیار بێت.

ئەمڕۆ شەممە ١٤ـی شوباتی ٢٠٢٦، شاسوار عەبدولواحید، سەرکی جوڵانەوەی نەوی لە کۆنگرەیکی ڕۆژنامەنووسیدا وتی، ئەم حکومەتەی ئێستا حکوم دەکات چوار ساڵە بە نایاسایی بەردەوامە و هەندێک لە وەزیرەکانی ئێستا دەسەڵاتی خۆرجکردنی ملیۆنێک دیناریان نییە.

لەبارەی ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەکێتی باسی لەوەکرد، "لەگەڵ یەکێتی لێکتگەیشتنمان هەیە و تا ئێستا ڕێککەوتنی نوسراومان نییە، لێکتگەیشتنەکەمان لەگەڵ یەکێتی بە هاوسەنگکردنی هێز و دەمانەوێت هاوسەنگی هێز بگەڕێنینەوە چونکە ناکرێت هەر هەشت پێستە سیادیە گرنگەکە لای پارتی بێت".

هاوکات لەبارەی نرخی کارەبای ٢٤ کاتژمێری ئاماژەی بەوەشکرد، لە هیچ وڵاتکی دونیا نیە مووچەکێت بدەی بە کرێی کارەبا و بڕێ ئەوەی مووچەخۆر مانگی ملیۆنێک دیناری هەبێت حکومەت بە پارەی کارەبا و گومرگ ٤٠٪ـی دەبڕێت.

لەسەر بابەتی داخستنی نوسینگەکانی ئێن ئاڕ تی لە هەوڵەر و دهۆک رایگەیاند، داخستنی نوسینگەکانی ئێن ئاڕ تی لەلایەن پارتیەوە بۆ ئیحراجکردنی یەکێتیە.